# سەدای زمانی عەرەبی لە هەرێمی کوردستاندا کەم دەبێتەوە

**Author:** Najeeba Mohammed

لەسەروبەندی توندبوونی گرژییەکان لەگەڵ بەغدا، گەنجانی هەرێمی کوردستان زمانی عەرەبی رەتدەکەنەوە.
.

شەیدا، تەمەنی ٢٤ ساڵە و دەرچووی تازەی بەشی زمانی عەرەبییە لە زانکۆیەکی سەرەکیی هەرێمی کوردستانی عێراق، گلەیی لەوە دەکات خوێندن متمانەی لا دروست نەکردووە تا بە زمانی عەرەبیی رۆژانە قسە بکات.

"تەنها رێزمان و ئەدەبی عەرەبیمان خوێند،" شەیدا وتی. "بۆچی دەبێ هۆنراوە و ژیانی شاعیرێکی عەرەب کە سەدان ساڵ لەمەوبەر ژیاوە فێربین؟"

"دوای چەندین ساڵ لە خوێندن، ناتوانم بە عەرەبی قسە بکەم. دەترسم لە قوتابخانەیەکدا وانە بڵێمەوە کە قوتابی عەرەبی لێ بێت."

زمانی عەرەبی دووەم زمانە لە هەرێمی کوردستان و زمانی سەرەکی عێراقیشە، ئەو وڵاتەی کە کوردەکان تیایدا گەورەترین کەمینەن. هەرچەندە خوێندنی زمانی عەرەبی لە قوتابخانەکانی هەرێمەکە هێشتا بەزۆرە، ژمارەی ئەو کوردانەی کە عەرەبییەکی رەوان دەزانن زۆر بەخێرایی کەم دەبێتەوە.

ئەو کوردانەی عەرەبی دەزانن زیاتر لە نەوەی کۆنن، بە دەستبژێرە سیاسیەکانی ئێستاشەوە، کە پێش دروستبوونی هەرێمە نیمچە سەربەخۆکەیان لە ١٩٩١ چوونەتە بەر خوێندن. زۆرێك لەو کوردانەی تەمەنیان لە ٣٥ ساڵ کەمترە زمانی عەرەبی نازانن.

پشتگوێخستنی زمانی عەرەبی لە لایەن کوردەکانەوە کە لە زیادبووندایە هاوکاتە لەگەڵ پشتگوێخستنی زمانی کوردی لە لایەن عەرەبەکانەوە کە لەمێژە سەری هەڵداوە.

قوربانیی سیاسەت

فراوانبوونی بۆشایی زمان هاوکاتە لەگەڵ توندبوونی ناکۆکییەکان لەنێوان سەرکردەکانی کورد و عەرەب کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە گەورەترین هەڕەشەی درێژخایەن لەسەر ئۆقرەیی عێراق ناوی بردووە.

گرژییەکانی نێوان هەردوولا لەوەتەی شاڵاوەکەی ئەمریکا لە ٢٠٠٣ەوە ئێستا گەیشتونەتە لوتکە و بەهۆی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ بەهێزکردنی سەبەخۆیی خۆی و فراوانکردنی سنوورەکانی دانووی هەردوولا بەیەکەوە ناکوڵێت.

لە ناوچە جێناکۆکەکاندا کە کەوتوونەتە باشوور و خۆرئاوای هەرێمەکە، کۆمەڵگاکانی عەرەب و کورد هاوسنوورن. لە پارێزگای نەینەوا کە یەکێکە لەو پارێزگایانەی پێشپرکێیان بەخۆیانەوە دیووە، خوێندنی زمان قالبێکی سیاسی وەرگرتووە.

سەرکردەکانی عەرەب لەو پارێزگایە کوردەکانیان تۆمەتبار کردووە بەوەی کلتوری خۆیان بەسەر کەمینە نەتەوایەتییەکانی تر دەسەپێنن تا خواستی خۆیان بۆ پارێزگاکە بەهێزتر بکەن. سەرکردەکانی کورد ئەمەیان رەتکردۆتەوە و دەڵێن دەیانەوێ تەنها سیاسەتەکانی رژێمی سەدام حوسێن پێچەوانە بکەنەوە کە کلتوری کوردەکانی داپڵۆساندبوو و رێگای نەدەدا زمانەکەیان لە پارێزگاکە بخوێندرێت.

خەسرۆ گۆران، بەرپرسێکی باڵای کوردە، لە سەردانێکی بەم دواییەی بۆ شارۆچکەی بەعشیقە لە پارێزگاکە داوای کرد گرنگی زیاتر بە

وتنەوەی زمانی کوردی بدرێت.

"کوردەکان یان هەر نەتەوەیەکی تر نابێت زمانی دایکیان بیربچێتەوە،" گۆران، کە پێشر جێگری پارێزگاری نەینەوا بووە، بە IWPRی وت. "زۆربەی کوردەکانی بەعشیقە ناتوانن بە کوردی قسە بکەن." ماوەیەك دوای سەردانەکەی.

گۆران ڕەتیکردەوە داواکەی بۆ زیادکردنی وانەی کوردی هاندەری سیاسی لەپشت بووبێت و وتی بەرژەوەندیی کوردەکانیش وا دەخوازێت کە فێری عەرەبی ببن. "ئەو گرژیانەی لەنێوان هەردوو نەتەوەکەدا هەن هیچ پەیوەندیان بە خوێندنەوە نییە،" گۆران وتی.

گۆران وتی گومان لەنێوان عەرەبەکان و کوردەکان لەسەردەمی حوکمی سەدام حوسێن پەرەی پێدراوە و ئێستاش بۆتە بەربەست لەبەردەم ئاڵوگۆڕیی زمانەوانیی نزیکتر. "تاکو عەرەبەکان و کوردەکان زمانی یەکتر بخوێنن، دەبێ کێشە سیاسییەکان چارەسەر بکرێن،" گۆران بە IWPRی وت.

سەرهەڵدانەوەی زمانی کوردی

بۆشایی زمان کە نیشانەی هەبوونی گرژییە لەنێوان کوردەکان و عەرەبەکاندا لەوانەیە لە داهاتووەکی نزیکدا ئەو گرژیانە ئاڵۆزتر بکات. شیکارزانان دەڵێن نەوەی داهاتووی سەرکردەکانی کورد ڕەنگە تووشی مەترسیی سازشکردن لەسەر مافەکانی خۆیان بن بەهۆی پاراو نەبوونیان لە زمانی عەرەبیدا.

"لەڕووی سیاسییەوە شتێکی مەترسیدارە ئەگەر بەرپرسێك نەتوانێ بە عەرەبی قسە بکات و گفتوگۆ بکات لەنێو عەرەبەکاندا،" ئاسۆس هەردی، لێدوانکارێکە، وتی. "بەرپرسێکی کورد کە عەرەبی بزانێت ١٠ جار لە بەرپرسێکی تر کە هەمان پۆستی هەبێت و زمانی عەرەبی نەزانێ باشترە."

فەرید ئەسەسەرد، بەرپرسی سەنتەری کوردستانە بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان، لەگەڵ هەردی هاوڕابوو و وتی سەرکردەکانی داهاتووی هەرێمەکە دەبێ لە عەرەبیدا زمان پاراو بن ئەگەر بیانەوێ نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کورد لە بەغدا بکەن. ئەو وتی گەنجانی کورد چیتر بە عەرەبی قسە ناکەن چونکە "تێکەڵبوونیان لەگەڵ بەشەکانی تری عەرەبی عێراق کەمترە."

سەرۆکی ئێستای عێراق و وەزیری دەرەوە و جێگری پێشووی سەرۆکی وەزیران هەموویان کوردن و لە عەرەبیدا زمانپاراون. کوتلەی کوردی لە پەرلەمانی عێراق بەوە بەناوبانگە کە زیاد لە کێشی خۆی دەسەڵاتی هەیە و لەنێو هاوپەیمانییە عەرەبەکاندا بڕیاری یەکلاکەرەوەی بەدەستەوەیە.

عەبدوڵڵا قڕگەیی، تەمەنی ٦٠ ساڵە و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی ڕووداوە، وتی عەرەبییەکەی لە ڕیزی سوپای عێراقیدا کامڵ کردووە. دواتر ژنێکی عەرەبی هێناوە. ئەو دەڵێت خزمەتی سەربازی و خێزانداریی تێکەڵ یارمەتی زۆرێك لە کوردەکانی جیلی ئەویان داوە فێری عەرەبی ببن.

لە ماوەی نێوان ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردەکان و شاڵاوەکەی ئەمریکا لە ٢٠٠٣دا، ئەو سێ پارێزگایەی هەرێمی کوردستان پێك دەهێنن سەربەستییەکی کاریگەریان لە عێراق بەدەستهێنا. لە قوتابخانەکان و نووسینگەکاندا، کوردەکان پێناسەی خۆیان بووژاندەوە دوای دەیان ساڵ لە سەرکوتکردنیان لەلایەن بەعسییەکان لەڕێی گۆڕینی زمانەکەیان بە عەرەبی.

"لەدوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١، کوردەکان خۆیان بە سەربەخۆ زانی،" قڕگەیی وتی. "ئیتر بەلایانەوە پێویست نەبوو عەرەبی بخوێنن و هیچ هەوڵێکیشیان نەدا تا بەتەواوی لەو زمانە بگەن."

گۆڕانی کلتوری

نازناز محەمەد، سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، ماوەی دوای ١٩٩١ بە تەجرووبەیەك ناوبرد بۆ سەلماندنی هێزی زمانی کوردی.

محەمەد وتی تا راپەڕینەکە زۆربەی ئەو کەسانەی خوێندنیان تەواو دەکرد لە خێزانە دەوڵەمەندەکان بوون. بەڵام، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی قوتابیان، ئاستی خوێندن دابەزی. "دوای راپەڕین، دەرگاکان واڵا کران و ئەمەش دروستبوونی قەرەباڵغی لە قوتابخانەکاندا لێ کەوتەوە. ئاستی خوێندەواری دابەزی،" محەمەد وتی.

محەمەد وتی حکومەت پلانی لەبەردەست دایە تا مەنهەجی خوێندن نوێ بکاتەوە و قوتابخانەی زیاتر دروست بکات و خولی مەشق و راهێنانی مامۆستایانیش باشتر بکات.

د. عوسمان ئەمین سالّح، پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زمانی عەرەبی لە زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێری پایتەختی کوردستان، وتی زۆرێك لە دەرچووانی بەشی عەرەبی ناتوانن بەشێوەیەکی پاراو بەو زمانە قسە بکەن. "سیاسەت و هەڵوێستی کوردەکان بەرامبەر بە عەرەبەکان لە هۆکارە سەرەکییەکانن،" سالّح وتی. هەروەها سەرزەنشتی مەنهەجی کۆنی کرد لەبەر ئەوەی نابێتە مایەی ئاشناکردنی قوتابیان بە عەرەبیی قسەکردن.

وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان دڵشاد عەبدولڕەحمان تەئکیدی کردەوە ئێستا گۆڕانکاری لە مەنهەجی زمانەکانی هەرێمەکە دەکرێت، بەڵام رۆژێکی دیاریکراوی نەدا بەدەستەوە کە تیایدا سیستەمی نوێ بخرێتە کار.

"پلانەکە لە ماوەی دوو ساڵدا جێبەجێ دەکرێت،" عەبدولڕەحمان وتی. هەروەها ئەوەشی وت کە کەم و کوڕی خوێندنی قوتابخانە بەتەنها هۆکار نییە بۆ دابەزینی زمانی عەرەبی. تێکەڵاویی کۆمەڵایەتیش رۆڵی خۆی هەیە.

"فێربوونی زمانێك سەرانسەر بەند نییە بە خوێندنەوە،" ئەو وتی. "پێش راپەڕین، بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆ بەزۆری بە عەرەبی بوون، بۆیە خەڵکەکە دەبوایە فێری عەرەبی بن تا لێیان تێ بگەن."

هەردی، لێکۆڵەرەوە سیاسییەکە، ئەویش وتی شتێی رەوا نییە کە سەرکۆنەی سیستەمی پەروەردەیی بکرێت بەهۆی کێشەیەکەوە کە رەگ و ریشەی لە بێباکیی تاکەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

"نەوەی نوێ هەست بە پێویستیی فێربوونی زمانی عەرەبی ناکات. هیچ پەیوەندییەکی بە مەنهەجی خوێندنەوە نییە،" هەردی وتی و ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە نەوەی کۆن توانی فێری زمانی عەرەبی ببێت بە بەکارهێنانی هەمان کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن.

زمانی ئینگلیزی لە برەودایە

لەم چەند ساڵەی دواییدا خوێندنی زمانی عەرەبی بووژانەوەیەکی کەمی بەخۆیەوە دیوە لە هەرێمی کوردستاندا. قوتابخانەی عەرەبی کراوەتەوە تا خەڵکانی بەشەکانی تری عێراق کە بەهۆی توندوتیژییەوە ئاوارە بووینە لەخۆ بگرن. زۆربەی ئەم ئاوارانە عەرەبن یان بە ڕەچەڵەك کوردن بەڵام زمانی عەرەبی زمانی یەکەمیانە.

بەپێی زانیارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا لە کۆی ٢١،٦٣٥ قوتابخانەی هەرێمەکە خوێندن لە ٤٤یاندا بە عەرەبییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی ئەو کوردانەی بەدوای زمانی دووەمدا دەگەڕێن زیاتر دەڕواننە رۆژئاوا. ئەکادیمیا تایبەتەکانی زمان لە هەرێمەکەدا زیادیان کردووە و بەڵگەی سەرگوزەشتەییش نیشانی دەدات کە کۆرسەکانی زمانی ئینگلیزی زۆر باون.

له پەیمانگای ئۆسا، کە تایبەتە بە زمان و لە ساڵی ١٩٩٢ لە هەولێر دامەزراوە، ئێستا ٢٤٠ قوتابی خۆیان بۆ کۆرسێکی سێ مانگی لە زمانی ئینگلیزیدا ناونووس کردووە. کۆڕسە عەرەبییەکەی هەمان پەیمانگا ٤٠ قوتابی هەیە.

بەبرەوبوونی زمانی ئینگلیزی پێدەچێت بەهۆی قازانج و کارەوە بێت – بەتایبەتی لە بوارە نوێیەکاندا وەك بەرنامەسازیی کۆمپیتەر و کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن.

"تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ئەوڕوپا خەریکە زاراوەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە،" حەکیم کاکە وەیس، زمانەوان و نووسەرە و لە شەستەکانی تەمەنی دایە، وتی. دابەزینی زمانی عەرەبی بەلایەوە کێشەیەك نییە.

"شتێکی ئاساییە کە گەنجانی کورد بە عەرەبی قسە ناکەن – خاکێکی جیاوازیان هەیە. فێربوونی زمانێکی تر بەزۆر نابێت ئەگەر حەزت لێی نەبێت."

کتێبفرۆشێك لە ناوەڕاستی شاری هەولێر هەمان شتی دووپات کردەوە. ئەو کتێبفرۆشە وتی فرۆشتنی کتێبی عەرەبی کەمی کردووە و تەنها کەسانی سەرووی ٤٠ ساڵی دەیانکڕن"".

"ئێستا فەرهەنگی ئینگلیزی زیاتر دەفرۆشم تا فەرهەنگی عەرەبی."

نەجیبە محەمەد رۆژنامەنووسێکی راهێنراوی IWPRە لە هەولێر.

**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq

**Topic:** Special Report: Iraq’s Ominous Language Gap

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D8%B3%D9%87%E2%80%8C%D8%AF%D8%A7%DB%8C-%D8%B2%D9%85%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%B9%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D9%87%E2%80%8C%D8%A8%DB%8C-%D9%84%D9%87%E2%80%8C-%D9%87%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%DB%8E%D9%85%DB%8C-%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86%D8%AF%D8%A7-%D9%83%D9%87%E2%80%8C%D9%85-%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%A8%DB%8E%D8%AA%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D9%87%E2%80%8C